حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە: ٦٦٧ /
رێکەوت: / ٢٧٢١ کوردی

العدد:
التأريخ: ٥ / ١ / ٢٠٢٢

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٣ )

## بۆ / وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی / بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

## بابەت / دەرماڵەی لە بری کەمئەندامی

پاڵپشت بە ماددەی (٣ / یەکەم / یەکەم - ٢) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠/ و بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٨٤) لە ٢٠٢٠/١٢/٢ وە پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١/ یاسای هەمووارکردنەوەی یاسای ماف و ئیمتیازاتەکانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١١/ بڕیاردرا بە:-

١- دیاریکردنی مافی (دەرماڵەی لە بری کەمئەندامی) بەڕێژەی (٥٠%) لە سەدا پەنجا لە مووچەی بنەڕەتی کەمئەندامی فەرمانبەر بە مەرجێک لە بڕی ( ١٠٠٠٠٠ ) سەد هەزار دینار تێپەڕ نەکات .

٢- دەرماڵەی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بە پێ ی ڕێژەی کەمئەندامی دیاری دەکرێت لە لایەن لێژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە بەگوێرەی پێوەرەکانی ئەو ڕێنماییەی کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات لەبەر ڕۆشنایی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عیراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١/ .

٣- لەکاتی خانەنشینکردنی فەرمانبەری کەمئەندام بڕی (١٠٠٠٠٠) هەزار دینار وەکو هاوکاری خەرج دەکرێت بۆ کەمئەندامی خانەنشینکراو لە بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی .

٤- ڕاسپاردنی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری تەکنیکی لە چوارچێوەی پرۆگرامی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆران تایبەت بە سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو فەرمانبەرانەی بەخشین وەردەگرن لە لیستی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت تاوەکو بارودۆخیان بگونجێنرێت لەگەڵ بڕگەکانی ئەم بڕیارە .

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٨٤)ی ساڵی ٢٠٢٠/ لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان جێ بە جێ دەکرێت .

بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**
٢٠٢٢ / ١ /